# ماده‌ی (٧)ی له‌ نێو ته‌موم‌ژی په‌سه‌ندکردن و گۆڕانده‌دا

**"ئه‌م ده‌ستوره‌ جه‌خت له‌سه‌ر ناسنامه‌ی موسوڵمانێتی زۆرینه‌ی گه‌لی کوردستان ده‌کات‌و بنه‌ماکانی شه‌ریعه‌تی ئیسلام یه‌کێکن له‌سه‌رچاوه‌ سه‌ره‌کیه‌کانی یاسادانان، هه‌روه‌ها ته‌واوی مافه‌ ئاینیه‌کانی مه‌سیحی‌و ئێزیدی‌و هی دیکه‌ له‌ئازادی باوه‌ڕو پیاده‌کردنی ئاین ده‌سته‌به‌ر ده‌کات".**

ماده‌ی (٧)ی ده‌ستوری هه‌رێمی کوردستان.

تا ئه‌و کاته‌ی هه‌ڵوێست له‌ ماده‌ی (٧) له‌لایه‌ن چه‌ند که‌سانیکه‌وه‌ وه‌رنه‌گیرا، ماده‌ی ناوبراوه‌ نه‌ببوه‌ جێگه‌ی ئه‌و مشتو مڕه‌ی ئێستا له‌ناو هاوڵاتیاندایه‌ هه‌روه‌ها له‌نێو پارله‌مانتاران‌و به‌ره‌ی عه‌لمانی‌و به‌ره‌ی ئیسلامی‌و که‌سانی ئازادیخوازو که‌سانی کۆنسه‌رڤاتیڤ دا هه‌یه‌، به‌تایبه‌ت پاش ئه‌و هه‌ڵمه‌تی ئیمزا کۆکردنه‌وه‌یه‌ی که‌ له‌لایه‌ن هه‌ریه‌ك له‌ هه‌ڵسورێنه‌رانی هه‌ڵمه‌ته‌که‌و چه‌ند که‌سانێکی دییه‌وه‌ ئه‌نجام درا، ئه‌وه‌ش به‌ مه‌به‌ستی جێگیر نه‌کردن، یاخود گۆڕینی به‌ندی حه‌وت.

"له‌ ٢٠٠٦/١٢/١٥ کۆمه‌ڵه‌ که‌سانێکی بیروڕا جیاواز ماده‌ی (٧) کۆیکردینه‌وه‌و من سه‌ره‌تا هۆزان مه‌حمود په‌یوه‌ندی پێوه‌کردم‌و باسمان له‌مه‌سه‌له‌که‌ کرد"ئه‌وه‌ قسه‌ی سۆزان شه‌هابی پارله‌مانتاره‌ له‌چاوپێکه‌وتنێکیدا بۆ رێوان پاش کۆبونه‌وه‌ی رۆژی ٢٠٠٧/٣/٢٧ که‌ تیایدا ٤ هه‌زار ئیمزایان پێشکه‌ش به‌پارله‌مان کردبو وتی "رێکخه‌رانی هه‌ڵمه‌ته‌که‌ وه‌ك یه‌کێك له‌هه‌نگاوه‌کانی ناڕه‌زایی ٤ هه‌زار ئیمزایان کۆکردۆته‌وه‌و ئه‌مرۆ پێشکه‌شی سه‌رۆکی لیژنه‌ی نوسینه‌وه‌ی ده‌ستورو پارله‌مانمان کرد".

ئاماده‌کارانی هه‌ڵمه‌ته‌که‌ هۆزان مه‌حمودو نادر عه‌بولحه‌میدو سۆزان شه‌هاب و مه‌ریوان هه‌ڵه‌بجه‌یی وگۆران عه‌بدوڵاو ساکار ئه‌حمه‌دن که‌ له‌ ناووه‌و ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم ده‌ژین. نادر عبدالحمید له‌ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم ده‌ژی سه‌باره‌ت به‌به‌شداری کردنی له‌و که‌مپینه‌، وتی "قسه‌کردنمان له‌سه‌ر ماده‌ی (٧) به‌و مانایه‌ نایه‌ت که‌ ماده‌کانی ترمان پێ په‌سه‌نده‌، به‌ڵکو ته‌واوی ده‌ستوره‌که‌م پێ نامۆدێرنه‌". ئه‌و ئاماژه‌ی به‌وه‌داوه‌ که‌ ئه‌وان ئامانجێکیان هه‌یه‌ له‌قسه‌کردن‌و هه‌ڵوێست وه‌رگرتن په‌یوه‌ندییه‌کی توندوتۆڵی به‌ئایین‌و کلتوورو نه‌رێتی دراوسێکانمانه‌وه‌ هه‌یه‌، به‌ناوی موقه‌دده‌ساته‌وه‌ به‌سه‌ر ژناندا سه‌پاون. هه‌ر کام له‌و



له‌ماده‌ی (٧) و بۆ رێوان نوسیویه‌ " که‌مپینه‌که‌ی ئێمه‌ جه‌خت له‌سه‌ر یه‌ك خاڵ ده‌کات، که‌ خاڵێکی جه‌وهه‌ری‌و زۆر گرنگه‌، به‌ یه‌کلا بونه‌وه‌ی ئه‌و خاڵه‌ ده‌توانم بڵێم که‌ تا راده‌یه‌کی زۆر ناوه‌رۆکی ده‌ستوره‌که‌ ده‌گۆڕێت، بۆ ده‌ستورێك که‌ مافه‌کانی خه‌ڵکی له‌ کوردستاندا له‌سه‌ر بنه‌مای هاوڵاتی بونیان به‌ره‌سمی بناسێنێت".

هه‌ڵوێست وه‌رگرتن له‌ئاست ماده‌ی ناوبراودا کۆمه‌ڵێ رای جیاوازی خولقاندووه‌و یه‌کێك له‌و پارتانه‌ی که‌ له‌سه‌ر ئاستی کوردستان به‌چالاکی‌و جه‌ماوه‌ر ناسراوه‌، یه‌کگرتوی ئیسلامیه‌ ئه‌و پارته‌ له‌سه‌ر زاری هادی عه‌لی به‌رپرسی شورای ناوه‌ندی یه‌کگرتوو، به‌رۆژنامه‌ی ئاسۆی راگه‌یاندووه‌ "که‌ ئه‌وان ئه‌وه‌ قه‌بوڵ ناکه‌ن‌و به‌ڵکو زیاتریشیان ده‌وێت ".

مه‌ریوان هه‌ڵه‌بجه‌یی نوسه‌ری هه‌ڵاتو له‌ترسی ئیسلامیه‌کان ئه‌وه‌ش پاش نوسینی کتێبی (سێکس‌و شه‌رع‌و ژن) به‌شداربویه‌کی که‌مپینه‌یه‌که‌و به‌رێوانی ووت" هه‌مووومان ده‌زانین کێشه‌کانی ژنان له‌ کوردستاندا دیارده‌ کولتوریانه‌ وه‌ربگرین، له‌ مێژووی دێرینی کۆمه‌ڵگای کوردیماندا نه‌بوون، که‌چی له‌م ده‌ستوره‌دا به‌ڕاشکاوانه‌ قسه‌ له‌سه‌ر به‌یاسایی بوونی ئه‌و داسه‌پاوانه‌ ده‌که‌ن‌و ده‌یانه‌وێت به‌رده‌وام بن، ئه‌مه‌ش به‌لای ئێمه‌وه‌ جێی ره‌خنه‌و که‌مپینگرتنه‌".

له‌لایه‌کی دیکه‌وه‌ نادر عبدالحمید ده‌ڵێت "له‌گه‌ڵ ئه‌م یه‌کلا بونه‌وه‌ی به‌ندی حه‌وته‌مدا، چه‌ند به‌ندێکی تر که‌ سه‌رچاوه‌که‌یان ئه‌و به‌نده‌یه‌ یان ده‌بێت لابرێن یان ده‌بێت بگۆردرێن و به‌ جۆرێکی تر دابرێژرێنه‌وه‌".

کۆمه‌ڵی ئیسلامی یه‌کێك له‌هێزه‌ سیاسی‌و عه‌سکه‌ریه‌کانی سه‌ر گۆڕه‌پانی سیاسی کوردستانه‌و له‌سه‌ر زاری حه‌سه‌ن بابه‌کر ی ئه‌ندامی مه‌کته‌بی سیاسی‌یه‌وه‌، هه‌ڵوێستی خۆیان به‌یان کردوه‌ ئه‌و هه‌ڵوێسته‌ش له‌ رۆژنامه‌ی ئاسۆدا بڵاوبۆته‌وه‌و تیایدا هاتوه‌"له‌م کاره‌ نارازین بمانه‌وێت ٤٠هه‌زار ئیمزا کۆده‌که‌ینه‌وه‌ئه‌گه‌ر پارله‌مان ئه‌و بابه‌ته‌ی خسته‌ ووتو وێژه‌وه‌، ئه‌و کاته‌ ئێمه‌ هه‌ڵوێستی خۆمان ده‌بێت".

مه‌سه‌له‌ی رێز گرتنی ئاینه‌کان و چۆنیه‌تی ده‌ست نیشان کردنیان له‌ ده‌ستوردا، مه‌سه‌له‌یه‌که‌ هه‌رکه‌ باسی به‌ندی ٧ ده‌کرێت ده‌بیت باس له‌ مه‌سه‌له‌ی ئاینه‌کانیش بکرێت، مه‌ریوان هه‌ڵه‌بجه‌یی ده‌ڵێت " وه‌ك چۆن ده‌ستور کلتورو نه‌رێتی ١٤٢٨ ساڵ له‌مه‌وبه‌ر ده‌کاته‌ سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌کی، ده‌بێت هه‌ر به‌و قورساییه‌ رێز بگرێ له‌کلتوری ئایینه‌کانی دیکه‌و بیانکاته‌ سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌کی بۆ یاسادانان".

پێشتر حزبی شیوعی کوردستانی سه‌رنجیان له‌ سه‌ر ئه‌م ماده‌یه‌ هه‌بوه‌ وداوایان کرد که‌ رێز له‌ هه‌موو ئاینه‌کان بگیرێت، به‌ڵام نه‌کرێنه‌ سه‌رچاوه‌ی یاسا دانان. به‌پێچه‌وانه‌ی هه‌ڵوێستی هه‌ندێك له‌ لیسته‌کانی ناو پارله‌مانه‌وه‌ که‌ هه‌ندێ لیستی وه‌ك ئاشوری و پا رتیه‌کان هه‌ڵوێستیان نه‌رمتره‌و پێیان وایه‌ که‌ئیسلام سه‌رچاوه‌یه‌کی یاسا دانان بێت کێشه‌ نیه‌.

هه‌ڵه‌بجه‌یی ته‌واو دژ به‌وه‌یه‌ ئاین و ده‌ستور تێکه‌ڵ بکرێت و وه‌ ك خۆی ئاماژه‌ی پێده‌دات "گه‌ر له‌بنه‌مای سه‌رهه‌ڵدانی هه‌موو ده‌رکه‌وته‌ کۆمه‌ڵگا مه‌ده‌نییه‌کان وردبینه‌وه‌، بۆمان ده‌رده‌که‌وێت یاساکانیان له‌ئه‌نجامی هاتنه‌کایه‌ی چه‌وساندنه‌وه‌و رووبه‌رووبونه‌وه‌یه‌کی له‌راده‌به‌ده‌ری نێوخۆیی به‌رهه‌م هاتووه‌"ئه‌و زیاتر بۆچونه‌که‌ی رون ده‌کاته‌وه‌و ده‌ڵێت"هه‌موومان له‌ مێژووی رۆژئاوا تێگه‌یشتوین که‌ کۆمه‌ڵگاکان به‌هۆی ئایینه‌وه‌ له‌چ نائارامییه‌کدا بوون، هه‌روه‌ها ئێستاش، به‌هۆی ئه‌قڵ‌و زانسته‌وه‌، له‌چ بارودۆخێکی ئارام‌و سه‌قامگیرو پێشکه‌وتوودا ده‌ژین". دواترده‌ڵێت."بابڕوانینه‌ بارودۆخی وڵاته‌ ئایینیه‌کان، ده‌بینین سه‌دان ساڵه‌ شه‌ریعه‌تی ئیسلام له‌ده‌ستوریاندا ره‌گی داکوتاوه‌، جگه‌ له‌کوێره‌وه‌ری‌و رووتانه‌وه‌و کۆمه‌ڵکوژی‌و نائارامی‌و دابه‌شکردنی کۆمه‌ڵگا چی به‌رهه‌م هێناوه‌.؟"

نادر عه‌بدولحه‌مید، سه‌باره‌ت به‌ میکانیزمی کاری هه‌ڵمه‌ته‌که‌ ئه‌وه‌ ده‌خاته‌ ڕو که‌" ئه‌م که‌مپینه‌ له‌لایه‌ك هه‌ڵده‌ستێت به‌ کۆکردنه‌وه‌ی ئیمزای که‌سه‌کان‌و له‌لایه‌کی تریشه‌وه‌ وه‌رگرتنی نامه‌ی پشتیوانی له‌ رێکخراوه‌کانی کۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی حیزب‌و هێزه‌ سیاسیه‌کان‌و دامه‌زراوه‌ رۆشنبیریه‌کان"، هه‌روه‌ها ده‌ڵێت "به‌م پێیه‌ رۆڵی هه‌ریه‌که‌ له‌ ئێمه‌ چالاك بون‌و هه‌وڵدان بۆ کۆکردنه‌وه‌ی زۆرترین ئیمزاو نامه‌ی پشتیوانی که‌مپینه‌که‌شمان تا کۆتایی مانگی سێ به‌رده‌وام ده‌بێت".

سه‌باره‌ت به‌ ئامانجی که‌مپینه‌که‌ش هه‌ڵه‌بجه‌یی ده‌ڵێت" که‌مپینه‌که‌مان ده‌یه‌وێت ئایین‌و گوتاری میتافیزیکی لاببات‌و لۆژیك‌و زانست له‌یاساکاندا جێگیر بکات". خاوه‌نی کتێبی سێکس و شه‌رع و ژن ده‌ڵێت "له‌ نێوان زه‌کات‌و ئابووریدا جیاوازی هه‌یه‌. له‌ نێوان فیزیاو ده‌ستنوێژگرتندا جیاوازی هه‌یه‌. ته‌کنه‌لۆژیاو تاراتگرتن، سیاسه‌ت‌و جیهادکردن، هونه‌رو رۆژووگرتن، فه‌رهه‌نگ‌و حه‌جکردن له‌یه‌کتر جیابکرێنه‌وه‌. یه‌که‌میان له‌ خوێندنگاکاندا بخوێنرێن‌و شوێنی دووهه‌میشیان بێگومان مزگه‌وته‌کان بێت".

له‌و روانگه‌یه‌شه‌وه‌ هه‌ڵه‌بجه‌یی به‌ توندی ره‌خنه‌ له‌ داڕێژه‌رانی

**قسه‌کردنمان له‌سه‌ر ماده‌ی (٧) به‌و مانایه‌ نایه‌ت که‌ ماده‌کانی ترمان پێ په‌سه‌نده‌، به‌ڵکو ته‌واوی ده‌ستوره‌که‌م پێ نامۆدێرنه‌.**

ده‌ستورده‌گرێت و ده‌ڵێت "ده‌مانه‌وێت پێیان بڵێین ئه‌و ده‌ستووره‌ی ئێوه‌ نوسیوتانه‌ ده‌ستوورێکی ئیزدیواجییه‌، ده‌ستوره‌که‌ باس له‌کۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی‌و دیموکراتی‌و ئازادی‌و سه‌ربه‌ستی ژنانی تێدایه‌، به‌ڵام له‌هه‌مان ده‌ستووردا گۆپاڵ‌و قامچییه‌که‌ به‌ده‌ست مه‌لاو ئایینزاو سه‌رۆك عه‌شره‌ته‌کانه‌وه‌یه‌و، ده‌بێت له‌ ره‌گه‌وه‌ ئه‌م ده‌سه‌ڵاته‌یان لێبسه‌نرێته‌وه‌".بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش داوای راپرسیه‌کی سه‌ر تاسه‌ری ده‌کات که‌ جه‌ماوه‌ر به‌شداری تێدا بکات به‌مه‌به‌ستی ره‌ت کردنه‌وه‌ی به‌ندی ناوبراو "گومانی تێدا نییه‌ ئه‌گه‌ر نوسه‌رانی ره‌شنوسی ده‌ستووری هه‌رێمی کوردستان راپرسییه‌کی گشتی بکه‌ن (ته‌نها بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌) ئه‌گه‌ر کاریگه‌ری خیتابی ئایدۆلۆژی حزبه‌کانی له‌سه‌ر نه‌بێت، به‌شی هه‌ره‌ زۆری ده‌نگده‌ران بۆ لابردنی ئه‌م به‌نده‌ مسۆگه‌ر ده‌که‌ن".

ناوبراو پێی وایه‌ جیاکردنه‌وه‌ی دین له‌ ده‌وڵه‌ت زامنی چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ ده‌کات" یه‌کێك له‌ چاره‌سه‌ره‌کانی کێشه‌ بنه‌ڕه‌تییه‌کانی کۆمه‌ڵگا، به‌لایه‌نی که‌مه‌وه‌، جیاکردنه‌وه‌ی ئایینه‌ له‌ ده‌وڵه‌ت‌و سیستمی په‌روه‌رده‌و خوێندن بارودۆخی ئێستای پڕ له‌سه‌ربڕینی ئایینی و پڕ له‌گروپی تیرۆرستی که‌ به‌فه‌رمی له‌کوردستاندا ناسراون، له‌رووی سیاسییه‌وه‌ ته‌واو ترسناکه‌و نابێت ئه‌مه‌ به‌سه‌ر ئێمه‌دا تێپه‌ڕ ببێت".

له‌ لایه‌کی تره‌وه‌ ئافره‌تان هه‌وڵیان داوه‌ له‌م مه‌سه‌له‌یه‌دا رای خۆیان هه‌بێت سۆزان شه‌هاب که‌ هه‌ڵسورێنه‌رێکی که‌مپینه‌که‌یه‌ ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌دات، که‌ که‌سانێك هه‌ن هاوکاریانن که‌سانێکیش هه‌ن رێگریانن له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئه‌وان کاریان به‌رده‌وامه‌، له‌لایه‌کی دیکه‌وه‌ کوێستان عه‌بدوڵای پارله‌مانتار ئاماژه‌ی به‌وه‌ داوه‌، که‌ ته‌مه‌ننا ده‌کات گۆڕانکاری بکرێت له‌و به‌نده‌داو پێی وایه‌ ژماره‌یه‌کی زۆر له‌ پارله‌مانتاران گۆڕینی ئه‌و به‌نده‌ په‌سه‌ند ده‌که‌ن، په‌خشان زه‌نگه‌نه‌ی پارله‌مانتاریش به‌ پرسیاری "بۆ لایه‌نه‌ ئیسلامیه‌کان توڕه‌ ده‌بن، رێزگرتن له‌ ئاین ئه‌وه‌یه‌ تێکه‌ڵ به‌ سیاسه‌ت نه‌کرێت" هه‌ڵوێستی خۆی به‌یان کردوه‌. دواجار هه‌ڵه‌بجه‌یی دواراو بۆچونی که‌مپینه‌که‌ ده‌خاته‌ روو ده‌ڵێت "هه‌بوونی به‌ندی حه‌وت له‌ هه‌ر یاسایه‌کدا، نه‌ك کۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی دروست ناکات به‌ڵکو ئه‌گه‌ر هه‌شبێت هه‌ڵیده‌وه‌شێنێته‌وه‌".

**هانا شوان**